## پرسیارێک لە کاک سەردەشت. . . کاروان خانەقینی

كاك سەردەشت هەرچەند بە نوسینەكانتا وا پێدەچێت كاك هاوار بیت، بەلام كێشەیەك نی یە، هەر وەك خۆت دەلێیت كاك هاوار تەنها نی یە لەو جۆرە بیر كردنەوانە، ئامۆژگاریم بۆ جەنابتان و ئەوانەی بیر كردنەوەو رەخنەكانیان لەو جۆرەیە، هەندێك بخوێننەوە بۆ ئەوەی زۆر نەكەونە هەلەی زەقەوە، ئاخر ئەمانەی جەنابت باسی لێ دەكەیت لە كۆنیدا تەپوتۆزی لە سەر نیشتوە، وە قسەیەكی دووبارەی ئەو كەسانەیە كە هیچیان پێ نیە بەرامبەر ئیسلام. جارێك باس كردن لە نەتەوەپەرستی پێغەمبەر (ص) و جارێك باس كردن لە چەوسانەوەی كورد لە سەردەمی فتوحاتدا. . . جارێ كاتێك فتوحات گەشتە كوردستان میللەتی ئێمە ژێر دەستەی ساسانیەكان بوو، كە بە هەموو شێوەیەك دەچەوسێنرانەوە، ئەوانەشی لە سەر خاكی كوردستان رووبەرووی سوپای ئیسلام بونەوە ساسانیەكان بوون نەك كورد، هیوادارم كتێبی (كوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا) بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی بزانیت كوردستان چۆن فەتح كراوەو میلەتی كورد چۆن باوەشی بۆ ئیسلام كردۆتەوە؟ هەر بۆ زانیاریشت ژمارەی هەموو ئەو كوژراوانەی لە شەری نێوان موسولمانان و كافرەكاندا لە ماوەی نێوان سالی دووەمی كۆچی هەتا سالی نۆیەمی كۆچی كەوتەوە، تەنها 1018 كەس بوو، كە 259 كەسیان شەهیدانی ئیسلام بوون و 759 كەسیان هی كافرەكان بوو. بەلام قوربانیانی جەنگی جیهانی یەكەم 37. 513. 866 كەس و جەنگی جیهانی دووەمیش 50 ملیۆن كەس بوو، جا ئەم جارە بە ویژدانەوە باسی فتوحاتی ئیسلامی بكە. جەنابیشت وا خۆت نیشان دەدەی كە شارەزا بیت لە قورئان بۆیە رەخنە دەگری، وە ئەو ئایەتانەی كە نوسیوتە وەكو رەخنەیەك ئاماژەت پێ كردوون. جارێ جەنابتان بفەرموون، تەواوی ئایەتەكان و ناوی ئەو سورەتەی كە ئەو ئایەتەی تیادا هاتوە لە گەل ژمارەی ئایەتەكاندا بنوسن، پاشان كام كتێبی تەفسیرت خوێندۆتەوە و چۆن تەفسیر كرابوو، وە چۆن لەو ئایەتانە تێ گەشتوون؟ كە ئاوا بە جێی رەخنەی دەزانی؟ وە چ رەخنەیەكتان هەیە لێی بۆ ئەوەی منیش وەلامی خۆمت بۆ بنوسم لە سەر قسەكانی جەنابت. . .